خەبات XEBAT

KHABAT info@xebat.net www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

Thu, 20. Apr. 2017 No: (5253)

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696

بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر
کارگێڕی: 07504514857 دهۆک: 07504456553 - 07504688380 کەرکووک: 07702196361 سلێمانی: 07501124578 زاخۆ: 07504503475 سۆران: 07504744231

## گۆڤار ئەنوەر بۆ «خەبات»:

# ئەکتەری کۆمیدی گەورەترین ئازار و خەمی لەدڵی خۆی هەڵگرتووە



**دیدار: بەرهەم شێخ عزەدین**

یەکێک لەو هونەرمەندانەی لە کاروانی هونەری خۆی زۆر بە خێرایی چووە ناو دڵی جەماوەر، گۆڤار ئەنوەری هونەرمەندی کومیدییە، ئەو ئەگەرچی لە رووی کێش و قەبارەوە قورس و قەبەیە، بەڵام هێندە رۆح سووکە وەکو پەپوولە و کارامز گەمە و قۆشمەت لەگەڵ دەکات، لەسەرداواکاری خوێنەرانی رۆژنامەی خەباتیش بە چەند پرسیارێک گۆڤار ئەنوەرمان بەسەر کردەوە.



**گۆڤار ئەنوەر چۆن خۆی پێناسە دەکات؟**

گۆڤار ئەنوەر: کەسێکی سادە، خزمەتکار، دڵ گەورە، لێبوردە،

*** لە نێوان تراژیدیا و کۆمیدیا و کۆمیدی تراژیدیدا، بۆچی کۆمیدیات هەڵبژارد؟**

لەوانیە من بە کۆمیدی ناوم رۆیشتبێت، بەڵام لەبوارە تراژیدیەکانیش رۆڵ دەبینم، راستە رۆڵی کۆمیدیا زیاتر بەرجەستەدەکەم، چونکە من گەیشتوومەتە ئەو راستیە ئەکتەری کۆمیدی گەورەترین ئازار و خەمی لە دڵی خۆی هەڵگرتووە دەیەوێ لەو رێگەیەوە ناخۆشیەکان ئیهمال بکات بۆ ئەوەی بەخەڵک بلێت پێبکەنن، بە ئەو کۆسپانەی دێنە سەر رێگاتان، لەبەر ئەوەی دەتوانین بەپێکەنین و دڵخۆشی تێیان پەڕێنین دڵێکی جوان بهێڵینەوە بەپێکەنینەکانمان، چونکە دنیا پێویستی بە ماندوبونە نەوەک دڵتەنگی و خۆکوشتن بۆ دنیا، کەواتە پێبکەنە تاوەکو بژی.

*** ئایا شێوەو کێشی قورست هۆکار بوونە بۆ ناوبانگی و دەرکەوتنت یان نیعمەت بوونە بۆ ژیان و گوزەرانت؟**

نەخێرپێش ئەوەی کێشم زیاد بکا من کاری خۆم هەر دەکرد، بەڵام لەوانەیە جەستەی من تۆزێک شاز بوبێت بۆ ناسینم، بەڵام بۆ من زۆر ناخۆشە، چونکە بۆ تەندروستیم باش نیەو زۆریش پێیەوە هیلاکم .

*** دەڵێن لەبەرنامەی بەزمی بەزم شارچیەتی رەنگیداوەتەوە، ئێوە لەم بارەوە چی دەڵێن؟**

دەمەوێ شتێک بلێم سەبارەت بە بەرنامەی بەزمی بەزم و تەلەفیزیۆنی کورد ماکس تاکو لەلای هەمووان روون بێت، پێش ئەوەی باسی بەرنامەی بەزمی بەزم بکەم باسی تەلەفیزیۆنی کورد ماکس دەکەم، لەکورد ماکس جوانترین سیستەم هەیە لەرووی رێزگرتنی کارمەندانی خۆی و رێزگردتن وهاوکاریکردنیان جیاوازی لەنێوان هیچ شارێک ناکات، ئەو رێزگرتنەی لە کورد ماکسم بینیوە دوای ئەو هەموو ساڵە کارکردن لەهیچ شوێنێک نەم بینیووە، و هەروەها لەناو بەرنامەی بەزمی بەزم، هیچ جیاوازیەک نیە لە نێوانمان ئێمە هەموو یەک خێزانین بروابکە تائێستا بیرمان لەشارچیەتی نەکردۆتەوە رێزێکی زۆریش لەنێوانمان هەیە دەشتوانم بلێیم ئێمە ئەم رێچکەمان شکاندوە بیر لەشارچیەتی بکەینەوە، بەڵام من زۆر پێشم خۆشە هەموو کەس شارەکەی خۆی خۆش بوێ تا شارەکانی تریشی خۆش بوێ، چونکە ئەگەر کەسێک شارەکەی خۆی خۆش نەوێ چۆن شاری منی خۆش دەوێ....!!

*** چ پرۆژەیەکی کۆمیدی نوێتان بۆ ئاییندە لەبەر دەستە؟**

خەریکی شانۆ گەریەکین لەبەرێوەبەرایەتی هونەری شانۆ بەناو نیشانی لەمردن گەرایەوە لەدەر هێنانی مامۆستا هیوا سوعاد.

*** خەونی گۆڤار ئەنوەر لە دنیای نواندندا چییە و ئایا هیچ کام لەو خەونانە هاتۆتە دی؟**

خەونی من ئەوەیە ببم بەهونەرمەندو بەس.

*** خەڵکی گلەیی ئەوە دەکەن کەوا هەندێ وشەی نەشیاو لەبەرنامەی بەزمی بەزم رەواجی پێ دەدرێ، ئایا ئەمە هۆکارەکەی دەچوونە لە دەقەکە یان عەفەویەتی خۆتانە؟**

زۆر جار دەرچوون هەیە، بەڵام کۆمەڵگای ئێمە هەموو شتی خۆمانی پێ تەقەبول ناکرێ، لەوانەیە دانیشێت لەدیار فلمێکی بیانی زۆر شتی نەشیاوی تێدابێت لای ئاسایی بێت، بەلام یەک وشەی خۆمانی پێ تەقەبول نەکرێ ئیتر ئەوە جارێ ژینگەی ئێمەیە ئەوەی ئێمەش باسی دەکەین دەمانەوێ راستەوخۆ بەبینەران بلێین ئەمە راستیەکەیە پەنا بەخوا ئێمەش وردە وردە زیاتر رۆشنبیرتر دەبین بەجووانیش لێک حالی دەبین.

# بەئاشتی پێکەوە دەژین



**خەبات:** لە ژێر ناونیشانی بە ئاشتی پێکەوە دەژین بەبەشداری (٥٠) قوتابی چالاکی وێنەکێشان لە کۆمەڵگای فاخیر مێرگەسۆری بەرێوەچوو ئەمرۆ سێ بەئامادەبوونی مامۆستا (بەشدار عەبدولخالق خۆشناو) بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر بەوەکالەت و مامۆستا (کاوە عومەر) بەڕێوەبەری گشتی پرۆگرام و چاپەمەنیەکان و بەڕێوەبەری کۆمەڵگای شەهید فاخیر مێرگەسۆری لەژێر ناونیشانی (بەئاشتی پێکەوە دەژین) وەزارەتی پەروەردە بەهاوکاری لەگەڵ رێکخراوی (یونسێف) چالاکی هەفتەی کارامەییەکانی ژیان و هاونیشتیمانی بوون بە هاوکاری بەڕێوەبەرایەتی چالاکی قوتابخانەکان پێشەنگایەکی وێنەکێشانی ئازاد بەبەشداری (٥٠) قوتابی لە هەموو قۆناغەکان لەهۆڵی کۆمەڵگای فاخیر میرگەسۆری کرایەوە.

قوتابیان بە کەل و پەل و پێداویستیەکانی ئاسایی خوێندن بە کێشانی چەندین وێنەی جۆراو جۆر بە شێوەی ئازاد وێنەکانیان دەکێشاهاوکات لەچوار بنکەی جیاواز لە کۆمەڵگای فاخیر مێرگەسۆری و قوشتەپە و کەمپی بەحرکە و قوتابخانەی کاوێس لە شەقلاوە بەرێوەچوو.

# مەعریفە شکۆ بە مرۆڤ دەبەخشێت



بە چاودێری بەرێز ئەدهەم بارزانی سەرۆکی ئە نجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگای سلێمانی و هەڵبجەی پارتی دیموکراتی کوردستان؛ بە شی پەرەپێدانی دەستەی رێکخراوە جەماوەری وپیشەییەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی، خولێکی رۆشنبیری دەست پێکرد بۆ یەکێتی لاوان و ئافرەتان و قوتابیان بە ناوی (خولی شکۆ) کە بۆ ماوەی ٤مانگ بەردەوام دەبێت وکۆمەڵێک بابەتی گرنگ لە خۆ دەگرێت.



# د. عومەر پەتی

## لە هەولێر باس لەگۆڕانکارییەکانی ژیان دەکات

**خەبات: حەمە ئەحمەد جاف**

لە چوار چێوەی کارو چالاکییە ئەدەبی و رۆشنبیرییەکانی لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کورد، کاتژمێر(5) پێنجی ئێوارەی رۆژی پێنجشەممە 20- 4-2017 لقی هەولێری یەکێیتی نووسەرانی کورد، ئێوارە کۆڕێک بۆ بەڕێز (دکتۆر عومەر پەتی) بەناونیشانی (چۆن گۆڕانکاری لە ژیانتدا دەکەیت؟) بۆ نووسەرو مامۆستای زانکۆ ، لەماڵی نووسەران – هۆڵی شەهید مەهدی خۆشناو لەشاری هەولێر سازدەکات. شایانی باسە مامۆستای نووسەر لە کۆڕەکەیدا، باس لەگرنگیی گۆڕانکارییەکانی ژیان و مێژووی ئەزموونی گۆڕانکارییەکان ژیانی کۆمەڵ و کۆمەڵگا دەکات.

# پۆستەری «سینەمای سەعادەت»

## لە فستیڤاڵی جیهانیی فەجر پەردەی لەسەر لادرا

**ئا-بەرهەم شێخ عزەدین**

مەنسوور جیهانی بەرێوەبەرایەتی راگەیاندنی گشتیی فستیڤاڵی جیهانی فیلمی فەجر بەمیدیاکانی گوت: پۆستەری بەشی "سینەمای سەعادەت" واتە بەشی "پێشبرکێی نێودەوڵەتی" لە فستیڤاڵی جیهانی فیلمی فەجر پەردەی لەسەر لادرا.ئەمساڵ لە بەشی "سینەمای سەعادەت" واتە بەشی "پێشبرکێی نێودەوڵەتی" بۆ فیلمە بلێندە سینەمایی و کورتە فیلمەکان، لە میانەی سی و پێنجەمین خولی فستیڤاڵی جیهانی فیلمی فەجر، 12فیلم لە وڵاتانی چین، تورکیا، کۆلۆمبیا، ئەرژەنتین، لیتۆنی، پۆڵەندا، هەنگاریا، رووسیا، مەکزیک، ئەندونیزی، فەرەنسا و ئیسپانیا بە هاوڕێیەتیی لەگەڵ 3فیلمی ئێرانی نمایش دەکرێن.

بە پێی یاساورێسا نوێیەکانی ئەم فستیڤاڵە کە ساڵی رابردوودا پلانی بۆ دارێژرا و رچاوکرا، فیلمەکانی بەشی "پێشبرکێی نێودەوڵەتی" لە ناو ئەو فیلمانە هەڵدەبژێردرێن کە تاکوو ئێستا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوەندیی ئاسیا نمایش نەکرابێتن.ئەمساڵ لە سی و پێنجەمین خولی فستیڤاڵی جیهانی فیلمی فەجر، هەندێک لە فیلمەکانی بەشی "سینەمای سەعادەت" یەکەمین نمایشی ئاسیایی خۆیان لەم فستیڤاڵەدا دەبینن. لەم ناوەندەدا چەندین فیلم یەکەمین نمایشی نێودەوڵەتییان لە فستیڤاڵی جیهانی فیلمی فەجر دەبێت و بۆ یەکەمین جار لە دەرەوەی وڵاتی خۆیان و لەم فستیڤاڵەی ئێران پەردەیان لەسەر لادەبردرێت. دادوەری بیانی و 2دادوەری ئێرانی فیلمە بلێندە سینەمایی و کورتە فیلمەکانی بەشی "سینەمای سەعادەت" واتە بەشی "پێشبرکێی نێودەوڵەتی" لە سی و پێنجەمین خولی فستیڤاڵی جیهانی فیلمی فەجر هەڵدەسەنگێنن.لەم بەشەدا، یەک تەندیسی سیمورغی زێڕین بە باشترین فیلم و هەروەها 5 سیمورغی سیمین لە لقەکانی دەرهێنان، سیناریۆ، ئەکتەری پیاو، ئەکتەری ئافرەت و خەڵاتی تایبەتی دەستکەوتی هونەریی لە یەکێک لە بوارەکانی وێنەگرتن، مونتاژ، موزیک، دیزاینی جلووبەرگ و یا دیزاینی سەحنە پێشکەش دەکرێت.سی وپێنجەمین خولی فستیڤاڵی جیهانی فیلمی فەجر بە بەرێوەبەریی گشتیی سینەماکاری ئێرانی "رەزا میرکەریمی" و بەشداریی بەرهەمی وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان لە چەندین بەشی جۆراوجۆری پێشبرکێی و دەرەوەی پێشبرکێی، لە رۆژانی 21تا 28ی ئەپریلی 2017 لە کۆمەڵەی سینەمایی پەردیسی "چارسوو" لە شاری تاران بەرێوەدەچێت.

# کۆمسای: ئەلبوومە تازەکەی گۆڕانکاری تێدا دەکات



**ئا: ئاری:**

بەمەبەستی بەشداریکردن لەئاهەنگی نەورۆز خانمە هونەرمەند کۆمسای گەڕایەوە کوردستان بەمەبەستی ئەنجامدانی چەند کۆنسێرت و ئاهەنگ لەم بۆنەیەدا.کۆمسای پێشتریش رایگەیاندبوو سەرقاڵی دروستکردنی بەرهەمێکەو نەیتوانیوە بگەڕێتەوە کوردستان، گەڕانەوەی ئەمجارەشی بەهۆی ئەوەوەیە کە ئارەزووی کردووە بەشداری لەئاهەنگ و کۆنسێرتەکاندا بکات لەجەژنی نەورۆزدا. سەبارەت بە شێوازی گۆڕینی ریتم و ئاوازی گۆرانییەکانی گەڕاندۆتەوە بۆ بارودۆخی ئێستای کوردستان گۆڕانی بەسەردا هاتووە بارودۆخێکی غەمگینی تێدایە و ویستوویەتی جیاوازییەک و هەوڵیداوە کە ستایلەکەی بگۆڕێت تەنها بۆ دڵخۆشکردنی هەوادارانی. ، ئەم ئەلبوومە نوێیەی خەریکییەتی زۆر مۆدێرنترە لەئەلبووم و گۆرانییەکانی پێشووتری، چونکە پێشتر ئەگەر کەمتر دەنگی کوردی هەبووبێت لەگۆرانی و ئەلبوومەکانیدا، بەڵام لەم ئەلبوومە نوێیەدا گۆرانی کلتور و چەند گۆرانییەکی کوردی تێدایە.

کۆمسای، یەکێک بوو لە بەشداربووانی بەرنامەی "خۆشترین دەنگ"ی کەناڵی ئێن ئار تی دوو، دوای ئەو بەرنامەیەش بۆتە خاوەنی دوو ئەلبووم و دوایین کاریشی بڵاوکردنەوە ئەلبوومی "زرمە" بوو.